# حزب و لایەنە ئیسلامیەكانی كوردستان، زادەی واقیعی سیاسی كۆمەڵگای كوردستان نین*

## گفتوگۆیەی ماڵپەری ئیسلام پەیك لەگەڵ عبدالله مەحمود

abdulla.mahmud@gmail.com

1- ئایا ئیسلامیەكان لە كوردستان ئێستا چۆن مومارەسەی كاری سیاسی دەكەن لەموعارەزەدان یان لەگەل حكومەت، گەر لەگەل حكومەتدان بۆ رەخنە دەگرن گەر موعارەزن بۆهە لو یستیكی راستە وخۆ ئاشكرایان ینە ؟

عبدالله مەحمود: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەتان سەرەتا بە پێویستی دەزانم، ئەو ڕاستیە بە بیر ئێوەو هەموو خەڵكی كوردستان بهێنمەوە، كە حزب و لایەنە ئیسلامیەكانی كوردستان، زادەی واقیعی سیاسی كۆمەڵگای كوردستان نین. لە پرۆسەیەكی ڕۆتینی سیاسیدا و وەكو پێداویستیەكی مێژوویی و سەردەمی كە كۆمەڵگا خوازیاری بوبێت لەدایك نەبوون، بەڵكە بە كۆمەك و یارمەتی وولاتانی ناوچەكە دروست كراون و بۆئەوەی ببنە یاریچی سیاسی ونوێنەری بەرژەوەندیەكانیان و ڕێگەیەك بۆ دەستێوەردانیان لە واقعیەتی سیاسی كوردستاندا. دیارە هاوكاری و پشتیوانی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری كوردستانیش بەڕەوتە ئیسلامیەكان لەچوارچێوەی پاراستنی بەرژەوندیە سیاسیەكانیان لەگەڵ وولاتانی ناوچەكە و پاراستنی پەیوەندیەكانیان لەگەڵیاندا هۆكاری سەرەكی بون و مانەوەیان بووە.

كاركردو پەیامێك كە ئەو ڕەوت و لایەنە ئیسلامیانە لەكوردستان كردویانە و ڕایان گەیاندووە، ناچێتە قاڵبی هەڵسورانی سیاسی یەوە. ئەم ڕەوت و لایەنانە خاوەنی هیچ سەربەخۆیەكی سیاسی خۆیان نەبوون و نین، و لەواقعیدا ئەوان نوێنەرایەتی هیچ داخوازیەكی خەڵكی كوردستان ناكەن، ئەوان تەنها وەسیلەیەكن بەدەست وولاتانی ناوچەكەوە.

معارەزەبوون یانی وەستان لەپاڵ داخوازیەكی خەڵكی یان توێژێكی دیاریكراو، و نوێنەرایەتیكردنی خواست وبەرژەوەندیەكی سیاسی یان كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی...تاد، ئەمان بەدرێژایی بوونیان نوێنەرایەتی هیچ خواستێك و بەرژەوەندیەكی خەڵك و تەنانەت توێژێكی كۆمەڵایەتیشیان نەكردووە، بە پێچەوانەوە دژی هەرخواست و بەرژەوەندیەكی ڕەوای خەڵكی كوردستان و توێژەكانی بوون.

مافی زۆر سەرەتایی خەڵكی كوردستان لەوانە، ئازادی جل وبەرگ پۆشین، خۆڕازاندنەوە، سەیران و گەشت و گوزار، ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنی، ئەدەب و فەرهەنگی مۆدیرن، جوانی، تادەگات بەخواستی زۆر سادەی سیاسی وەكو ڕیفراندۆم و بەڕەسمی ناسینی ئیرادەی ئینسان بۆ بریاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان .......نەك هەر ڕەتكردۆتەوە بەڵكە هەموو هەوڵێكیان ئەوەبووە ئەم مافە زۆر سەرەتاییانە ئەتك بكەن و بەربگرن بە خواستی خەڵكی كوردستان. بۆیە ئەمانە هەرگیز بەشێك نەبوون لە ئۆپۆیسیۆن بۆ گوشارهێنان بۆ دەسەڵات تا چاكسازیەك یان خواستێكی خەڵك جێبەجێ بكەن، لە جێگای ئەوە لستێیكی دوورو درێژ لە كارنامەیان لای خەڵك و ئەحزابی سیاسی یە، لە تیرۆری نوسەران و چەپ و خەڵكی پێشكەوتنخوازو خەڵكی مخالیف بەخۆیان، لە تەقاندنەوەی ساڵۆنەكانی ئارایشی ژنان و شوێنەكانی مەینۆشی و سەیرانگاكان، لەگڕدانی كتێبخانەكان و بەخشینەوەی فتوای نوسەران، لە تێكدانی مێشك و هەستی مناڵان و تازە لاوانی بێدەرەتان، لە بەكارهێنانی مزگەوتەكان وەكو مەركەز تەدریب و كردنیان بەشوێنی مەشقی ئەندامانیان.......تاد. ڕەخنەی ئەوان بەكارهێنانی چەك و توندوتیژی یە لەگەڵ خەڵك و دەسەڵات.

هەرگیزیش لەگەڵ دەسەڵات نەبوون، ئەگەر نەرمیەكیان نواندبێت لەگەڵ دەسەڵاتدا بۆ ئەوە بووە بڕەداهاتی مانگانەیان زیادترو زیاتر بكەن. دەسەڵاتی سیاسیش بێگوێدانە ئیرادەی خەڵكی برسی كوردستان و بۆ ڕازیكردنی وولاتانی ناوچەكە ئیمكاناتێكی خەیاڵیان بەخشیوەتە ئەو لایەنە ئیسلامیانە.

بەکورتیەکەی ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە نەلەگەڵ دەسەلآت بوون و نە هەرگیز بەشێك بوون لە معارەزە. وەنەدەسەلآتیش فرسەتی داوە بە هەڵسورانی ئۆپۆزیسۆن.

## 2- شەری مەزهەبی لەناوەراستی عیراق کێ هۆکاری بوو شیعە یان قاعیدە و گروڵە توند رەوکانی سوننە ؟

عبدالله مەحمود: ڕاستی ئەوەیە کە هۆکاری سەرهەڵدانی شەڕی مەزهەبی و سازکردنی زەمینەی شەڕی قەومی لەعێراقدا، ئەمریکاو سیاسەتە جەنگخوازانە و داگیرکاریەکەیەتی.

بەڵام دەبێ ئەوە بزانین ئەوەی ئێستا لە عێراقدا لە ئارادایە شەڕی نێوان سونەو شیعە نییە، بەڵکە شەڕی میلیشیاکانی سەر بە سونەو شیعەیە، و ئەوە ئەوانن دەیانەوێ ئەم شەڕەیان بۆ جێگیرکردنی دەسەلآت شۆڕبکەنەوە بۆناو دانیشتوانی هەموو سونە مەزهەب و شیعە مەزهەب، و شەڕیکی فراوانی هەمە لایەن وەرێبخەن و بەشیعەکردن و بەسونەکردن "تەشیع و تەسین "کردن، تەتهیری تایفی بکەنە جێگرەوەی سیاسەتی تەعریب و تەبعیس و تەهجیری پێشوی ڕژێمی بەعس.

ڕژێمی ئەمریکا بەپلەی یەکەم لە هێنانە ئارای ئەم دیاردەیەدا تاوانبارە. ئاخر لە هیچ شوێنێکی دنیا دیموکراسی لەڕێگای بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی وەکو ئابلۆقەی ئابوری و داباراندنی بۆمب و جەنگەوە وەدی نەهاتووە، وە لەهیچ شوێنێکی دنیا چەکی کۆکوژو قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی بەبەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لەنێو نەبراوە، هاوکات لە هیچ شوێنێکی دنیا ئەمریکا نەبۆتە مایەی هێنانی ئازادی و خۆشبەختی بۆ خەڵکی، وە ئەمریکایەك کە خۆی دەستی بووە لە هێنانە سەرکاری ڕژێمی بەعس و بەهێزکردنی و چەکدارکردنی و چاوپۆشی کردن لە ڕەفتارە دژی ئینسانیەکانی، بەڕاستی چۆن دەتوانێ هەلومەرجێك بهێنێتە ئاراوە کە ئارام بێت و لە قازانجی خەڵکی بێت.

وەرێخستنی جەنگ لەگەڵ ئەوەدا کەڕژێمی دڕندەی بەعسی لەدەسەلآت کێشایە خوارەوە، بەڵام هەروەکو خەڵکی پێشکەوتنخواز و ئاشتی خوازو وە دژی شەڕی دنیا پشبینیان دەکرد، بووە هۆی زەمینەسازکردن بۆ پاشەوپاشگەڕانەوەی کۆمەڵگا، زیندوکردنەوەی نەتەوەپەرستی، تایفەچێتی، بەهێزکردنی ئیسلامی سیاسی، هێنانی دەیان بەچکە سەدام و ئوسامە...تاد. وە ئەمە بوو بەواقعێکی تاڵ.

هەروەها داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، خۆی فاکتەرێکی سەرەکی یە، بۆ سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی بەدژی ئەم داگیرکاریەدا لەلایەن خەڵکی عێراقەوە، لەوچوارچێوەیەدا هەموو هێزو ڕەوتە سیاسی و حزبە سیاسیەکان، دەیانەوێت بەهرەبەرداری لەناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکی عێراق بکەن بۆ وەدەرنانی ئەمریکا لە عێراق. وە هەریەکەیان دەیەوێ سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵکی بن بۆ وەدەرنانی هێزی داگیرکەر تا لە ڕێگایەوە بەشی زیاتر لە دەسەلآتدا بۆ خۆیان بپچرن.

هاوکات ئەمریکا لەعێراقدا لەچوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ پێکهێنانەوەی حکومەت لەسەر بنەمای و ڕێژەی دانیشتوان و بنەمای تایفی و قەومی و مەزهەبی، تەنانەت عەشایەریدا، و گوێنەدان بە بنەمای حەقی هاولآتی بوون و ناسنامەی هاولآتی بوون، گەورەترین زەمینەی بۆ کێشمەکێشی مەزهەبی سازکردوە، میلیشیای سەر بەهەر پێکهاتەو تایفەو قەوم و مەزهەبێك دەیانەوێت بەشی شێر بۆ خۆیان دابین بکەن، دیارە لەناو فەزای داگیرکاری و میلیتارستی و نەبونی حکومەت و پێکهاتەی یاساییدا ڕێگای دابینکردنی بەشی شێر بەزۆری هێزو کوشتارو بەیەکدادان دەکرێت، جگە لەهەموو ئەمانە دەستێوەردانی وولآتانی ناوچەکە لەوانە ئێران و تورکیاو سعودیە و سوریا... لەوەزعی سیاسی عێراقی داگیرکراودا، فاکتەرێکی تری قوڵکردنەوەی کێشمەکێشی سیاسی ڕەوت و لایەنەسیاسی و میلیشیاکانیانە.

له هەموو ئەوانەش واوەتر شکستی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا، فاکتەرێکی تری بەرینبوونەوەی بەیەکدادانی کێشمەکێشی میلیشیاکان و حزب و لایەنەکانیانە و دەروازەیەکی ترە بۆ دەستتێوەردانی زیاتری وولآتانی ناوچەکەو بەنزین کردن بە گڕکانی شەڕی مەزهەبی ئێستای عێراق و دۆزینەوەی ڕێگا بۆ بەرپاکردنی شەڕی قەومی بەتایبەت لەو شارانەی پێکهاتەی قەومی جیاجیا بەیەکەوە دەژین.

بەکورتیەکەی زیندووبونەوەی ڕەوت و تاقمی ئیسلامی سیاسی  و پاشان بەیەکەوەنانی میلیشیاکان و قوڵبونەوەی کێشمەکێشی مەزهەبی و تایفی، بەرهەمی داگیرکاری و  دەستێوەدرانی وولآتانی ناوچەکەو نەبوونی حکومەتە. هەر ئەو هەلومەرجەشە فرسەتی داوە بەوەی کە ڕێکخراوی قاعیدە عێراق بکاتە مەیدانی شەڕی سەرەکی خۆی لەگەڵ ئەمریکاو هاوکات بیکاتە مۆڵگەی ئەم دەورەیەی هەڵسوڕانی خۆی و تەنانەت مەدرەسەی پێگەیاندنی کادرو ئەندامەکانی و ناوەندێك  بۆ تەوزیعی هێزەکانی بەدنیادا.

3- ئایا ناردنی پیشمەرگەت بە لاوە چۆن بوو بۆ بەغدا ؟بە بریاریکی سیاسی دەزانیت یان بۆ مسۆگەر بوونی دەست کەوتی مادیبوو بۆ هەردوو حزبی دەسەلات بوو ؟

عبداللە مەحمود: چونکە پێشتر و لەکاتی خۆیدا ووتارێکی هەمەلایەنەم لەوبارەیەوەو نووسیووە، هەوڵئەدەم لێرەدا زۆر بەکورتی لەسەر ئەم دۆزە قسەبکەم.

ناردنی هێزی پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی بۆ بەغدا، نە پەیوەندی هەیە بە بەرگری لە خاکی عەزیز!!ی عیراق و نە هیچ بەژەوەندیەکی خەڵکی کوردستانی تیایە.

ناردنی ئەم هێزە بڕیارێکی سیاسی یە بەڵام فرۆشتنی ئەو بڕیارە سیاسی یە بە پارەو بڕێکی داهات.

هەروەك چۆن دەستور، فدرالیەت، مادەی 140، داهاتی نەوت....هەموویان بەپێی ئیتفاق بڕیاریان لێدراوە، هەرئاواش ناردنی هێزی پێشمەرگە ئیتفاقێکی تری نێوان حزب و لایەنەسیاسیەکانی نێو حکومەتی ئێستای عێراقە لەگەڵ کتلەی کوردی لە حکومەتی مەرکەزیدا.

وە ناردنی ئەم هێزە یەکێکی ترە لەو ناحەقیانەی یەکێتی و پارتی بەرامبەر بەخەڵکی کوردستانی دەکەن، و تێکەڵکردن و بردنی خەڵکی کوردستانە بۆناو شەڕی ئێستای میلیشیاکانی عێراق، و قوڵکرنەوەی درزی نێوان خەڵکی کوردزمان و عەرەب زمانە.

بۆیە بێئەندازە بڕیارێکی نادروستە لە بەرامبەر بە بڕێك لەداهاتدا.

4- بە رای جەنابتان هیچ چارەیەك ماوە و دەروازەیەك هەیە بۆرزگار بونی حوکمەتی هەریم لەم وەزعە چەق بە ستوەی کە ناتوانیت خزمەت بکات ؟

عبداللە مەحمود: من بەرلەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە لە پەیوەند بەوەزعی حکومەتی هەریم، دەمەوێت ئاماژە بە گرفتێکی زۆر بناغەیی بکەم، کێشەی بنەرەتی خەڵکی کوردستان لەم وەزعە چەق بەستوەی تێی کەوتووە، لەڕاستیدا نەبوونی وولآتێکی سەربەخۆ و بەدەوڵەت نەبوونی کوردستانە. ئەمە کێشەی سەرەکی حکومەتیشە، نەك هەر ئەم حکومەتە هەر حکومەتێکی تریش پێك بێت، لە نەبوونی دەوڵەت و پیکهاتە یاسایەکاندا ناتوانێت سەرکەوتوبێت.

بەڵام ئەمە بەومانایە نییە، کە گەردنی حکومەتی یەکێتی وپارتی لەوهەموو فەسادە سیاسی و ئیداریی و لەو نامەسئولیەتە، ئازادبکرێت.

دەکرا کوردستان ئێستا جۆرێکی تربوایە، دەکرا ئازادی سیاسی، ئازادی بەیان و ڕادەربرین و چاپەمەنی و بلأوکردنەوە، ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان، ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی ئەحزاب و ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی، مافە فەردی و مەدەنیەکان، سەربەخۆیی سیاسی، بەهەندگرتنی ئیرادەو بریاری خەڵکی کوردستان، یاساو ڕێسای ئینسانی و پێشکەوتنخوازەکان، وە هاوکات وەزعی پەروەردەو خوێندن،  هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵکی، خزمەتگوزاری یە

**کۆمەلایەتی و تەرفیهی و تەندروستیەکان، ........زۆر لە ئێستا باشتر بوونایە، نەبونی ئەمانە و لەپاڵیشیدا دزی و تالاْنیەکی بێوێنە و فەسادی سیاسی و ئیداری و فەوزای بازارو گەندەڵی...ئەمانە یەکێتی و پارتی لێی بەرپرسیارن. ئەوەش کەوای کردووە یەکێتی و پارتی ئاوا نامەسئولانە هەڵسوکەوت بکەن و ژیان وگوزەرانی خەڵکی بایی پوشێك لایان بایەخی نەبێت ئەوەیە، کە ئەمانە حکومەت یان باشتر وایە بڵێم دەسەڵاتێکی هاوبەشیان لەچوارچێوەی حکومەتدا، سازداوە کە هی سەرزەمینێکی ناپێناسەکراوی هەڵواسراوە لە جغرافیای سیاسی دنیاو ناوچەکەو تەنانەت ئێستای عێراقیشدا، دیار نی یە بەیانی وەزعی کوردستان چی لێدێت، کێ ئەبێت بەخاوەنی، کێ حکومەتی بەسەردادەکات، دەکەوێتە دەست ئیران یان تورکیاو یان میلیشیای شیعەی عێراق.....یان بەش بەش تر دەکرێت، ئەم هەلومەرجە نادیارە سیاسی و حقوقی یە وای کردووە یەکێتی پارتی بەجیا لەماهیەتی خۆیان، لەجیاتی ئەوەی پرۆژەی جێگیرکردنی وەزعی سیاسی کوردستان و یەکلاییکردنەوەی وەزعی کوردستان بە قازانجی خەڵکی کوردستان بکەنە پرۆژەی سەرەکی خۆیان، خۆیان بۆ وەڵامدانەوە بەوەزعی نادیاری سیاسی کۆمەڵگای کوردستان و هەڕەشەکان ئامادەو تەیار بکەن و لەپاڵ خەڵکی کوردستاندا بوەستن و ئامادەیی خەڵکی کوردستان بەرنەسەرەوە. دوای نزیك بە 17 ساڵ هەرخۆیان بە ڕاگوزەرو کاتی بزانن، هەوڵبدەن سەرمایەی خۆیان کەڵەکە بکەن، هێزی پاراستنی دەسەڵاتیان بەهێزتر بکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی مادی و دەسەلاتی خۆیان و بەوهۆیەشەوە ڕۆژ بەڕۆژ قڵشتی خۆیان لەگەڵ خەڵکیدا قوڵترو قوڵتر بکەنەوە، تائەوڕادەیی تەحەمولی دەنگ و داواکاری ئاوو کارەبا و سوتەمەنی و خواستی سەرتاییترین خزمەتگوزاریان نەمێنێت و بە سەرکوت و هەڕەشە وەڵامی بدەنەوە، دەستی وەهمی دروست بکەن بۆ لە خوێن هەڵکێشانی دەنگە ناڕازیەکانی کۆمەڵگا.**

**من پێم وایە ئەگە ڕێگە چارەیەك مابێت لەبەردەم یەکێتی و پارتیدا ئەوەیە کە ئەوان هەرچی زووە خۆیان لە سیاسەتی ئەمریکا جیابکەنەوە، هیچی تر لەسەروی خەڵکی کوردستانەوە سازش و ساتوسەودا بە خواستی خەڵکی کوردستانەوە نەکەن، دەست هەڵبگرن لە سیاسەتی لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە، و لەجێگای ئەوە مل بدەن بەخواستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم کەخواستی جەماوەری بەرینی کوردستانە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی سیاسی کوردستان، من پێم وایە ئەمە ڕێگایەکە دەتوانێت یەکێتی و پارتی لەوەزعی چەق بەستوی ئێستا ڕزگار بکات و سەرئەنجام بیریکیش لە خزمەتکردن بەخەڵکی کوردستان بکەنەوە.**

5 - ئایا بە رای بەریزتان بە موجازەفەیەك حزبە کوردیەکان ناتوانن حکومەتی کوردی رابگەینن کە کەمترباجی دەویت لە راکردن بە شوین بەغدادا ؟ ئەم دوو دڵییەی حزبە دەسەلات دارەکان بۆ چی دەگێرێتەوە بۆ نەمانی متمانەی حزبەکان بە خۆیان کە کەس هاوکاریان نابیت یان تاقەتی موجازەفە و قو ریانی دانیان نەماوە ؟

**عبدالله مەحمود: من پێم وایە هیچ پێویستی بەمفاجەئە ناکات، هەموو حزبێکی سیاسی و گرێخواردو بە خواستەکانی خەڵك و هەموو خەڵکێکی زوڵملێکراوی خوازیاری ئازادی، ئەبێ خۆیان بەپێی بەرژەوەندیە سیاسییەکانیان بڕیار لەسەر سیاسەت و چارەنووسی خۆیان بدەن. ڕاستی ئەوەیە کە یەکێتی و پارتی تائێستا سیاسەتیان وادەخوازی و ئەوە بە بەرژەوەندی خۆیان دەزانن کە بەشە دەسەلاتی سیاسیان لە چاچێوەی حکومەتی مەرکەزیدا جێگیر بکەن، ئەمەش لەگەڵ خواستی خەڵکی کوردستاندا ناکۆکە.**

**یەکێتی و پارتی بەخۆبەستنەوەیان بەبەغداوە، زوو یان درەنگ باجێکی گەورەی سیاسی و ستراتیجی ئەدەن، بێگومان باجی ئەم ناکامی و شکستەشیان قورسایەکەی دەکەوێتە سەر خەڵکی مەحرومی کوردستان.**

**من پێم وایە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایەی ئێستای یەکیتی و پارتی، لەدرێژەی هەمان سیاسەتی خۆبەستنەوەیانە بەسیاسەت ونەخشەکانی ئەمریکاوە لەعیراق ناوچەکەدا، ئەمەش هەڵبژاردنێکی سیاسی یە، مەسەلە بوونی متمانە یان نەبونی نییە، ئەوان تا ئێستا پێیان وایە ڕێگەی درێژەدان بەدەسەڵاتداریتیان لە کوردستاندا لەگرەوی خۆبەستنەوە بە**

بەغداوەیە. وەئەمەش بۆتە خویەکی جێگیریان کە هەمیشە سیاسەتی خۆیان، مەوقعیەتی خۆیان، نەخشە و ستراتیجی خۆیان، لە چوارچێوەی بەرژەوەندی وولاتانی ناوچەکەو زلهێزەکانی دنیاوە دەرئەکێشن نەك لە خواست و داوا سیاسی و بەرژوەندیەکانی خەڵکی کوردستانەوە.

یەکێتی و پارتی، ئەگەر ئەوەندەی مایە لەسەر بەغدا دائەنێن، مایە لەسەر خۆجووتکردن لەگەڵ خواستی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی دابنێن، بێگومان ڕێگایەکی ئاسانترو کارسازتر هەڵئەبژێرن. و ئەمەش لە قازانجیانە.

دیارە خەڵکی کوردستان و ئەحزاب و لایەنی سیاسی جدی نابێ دەستەوەستان و چاوەروانی هەڵوێستی یەکێتی و پارتی بن، دەبێ هەرچی زووە خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆم بهێنە مەیدان و بیکەنە بزوتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی کوردستان، بێگومان بزوتنەوەیەکی گەورەی جەماوەری هەم دەتوانێ یەکێتی و پارتی بکێشێتە پای ملدان بەم ڕێگایەو هەم دەتوانێ بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی دنیا بکاتە پشت و پەنای خۆی بۆ وەلانانی کۆسپەکانی بەردەم جیابونەوەو پێکهێنانی وولاتێکی سەربەخۆ.

گرتنەبەری سیاسەتێکی ئاوا مفاجەئە نی یە، خواست و داوای خەڵکە، مەسەلەیەکە لە ئارادایە، یەکێتی و پارتی بۆئەوەی لە مفاجەئەیەکدا دەستیان لە هەمبانەکە نەیەتە دەرەوە دەبێ هەرچی زووە چاو بەسیاسەتی خۆگرێدانەوە بە سیاسەتی ئەمریکاو وولاتانی ناوچەکەو خۆبەستنەوە بەبەغداوە، بگێرنەوە.

6- بەرای بەریزتان بۆچی دیموکراتیەت لە کوردستان بوەتە مەزاج ؟ واتە نە بە یاساکارەکان دەکرین نە بە پرانسیپەکانی دیموکراتی - ۆنمونە هەلبژاردنی شارەوانیەکان لە سالی 1999کراوە تائیستا کاری پێ دەکریت و نەگۆراون ئەنجومەنی پاریزگا نە ئەوەیە هەڵبوەشینریتەوە نەوەك باشرۆ دەسەلاتی پی دەدریت ؟

عبدالله مەحمود:ڕاستی ئەوەیە لەکوردستان لەجێگای دیموکراسی، فەزایەکی نیمچە ئاوەڵای سیاسی هەیە، کەئەم فەزایە بەرلەوەی خێروسەدەقەی هیچ حزب و لایەنێك بێت بەرهەمی ڕاپەرینی ئازاری 1991 خەڵکی کوردستانە.

لەکوردستان شتێك نییە ناوی دیموکراسی بێت، ئەوەی هەیە نیمچە ئازادیەکە کە بەرهەمی ڕاوەستاوی خەڵکە، و ئەحزابی حاکمیش لە ساڵی 1991وە لەهەوڵی ئەوەدان ئەو نیمچە ئازادی و فەزای نیمچە ئاوەڵەیە، وەکو خێروسەدەقەی خۆیان بەخەڵك و ئەحزابی سیاسی بفرۆشن و بەهەموو شێوەیەکیش هەوڵی لەباربردن و سەندنەوەی بدەن، هێنانی یاسای ئەحزاب و جەمعیات، یاسای چاپەمەنی، بەدەستەوەگرتنی زورێك لەسیاسەتەکانی پێشوی بەعس ....هەوڵن لەو ڕاستایەدا.

بۆیە دیموکراسی لەکوردستان بەمەزاج نییە، ڕاستی ئەوەیە دیموکراسی نی یە، کام حزبی سیاسی ڕیگەی هەڵسوڕانی سیاسی ئازادانەی پێدراوە؟ کام حزبی سیاسی هەیە ڕەخنە یان هەڵوێستێکی بەکردەوەی لەدژی سیاسەتێکی یەکێتی و پارتی نیشاندابێت و نەخرابێتە ژێر گوشار یان ڕووبەرووی هێرش نەبووبێتەوە؟ کام دەستەو کۆمەڵ هەیە لەدەرەوەی سیاسەتی یەکێتی و پارتی هەنگاوێکیان نابێت و توشی کێشەو ڕاوەدونان نەبووبێتنەوە؟ کام خۆپیشاندان و مانگرتن هەیە کە بۆ خواستی زۆر سەرەتایی وەرێخراوان، بەتۆمەتی نەبونی ئیجازە یان دەستی لەپشت بوون، سەرکوت نەکراوەو بەتوندوتیژی وەڵام نەدراوەتەوە؟ تەنانەت لەناوخۆیاندا کام پرۆسەی دیموکراتیان ڕیعایەت کردووە، هەڵبژاردنەکانی ناویەکێتی نیشتمانی کە بەم دوایانە بە ڕێوەچوو، باشترین نمونەیەتی.

هەموو هەڵبژاردنەکانیش چ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان و چ هەڵبژاردنی پەرلەمان، تەنها هەنگاوی ڕوکەش بوون بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کوردستان و شێواندنی ڕای گشتی، وە پاروی دەمی خەڵك کرابووە بارمتەی دەنگدان، و زۆری هێزیش بریاری نهایی داوە.

بۆیە مەسەلەکە ئەوەیە کە دیموکراسی نییە، و حزبە دەسەلأت بەدەستەکانی کوردستانیش بڕوایان بەدیموکراسی نییە، دیموکراسی هێندەی چەکێکە بۆ سەرکوتی هەلۆیست و هەنگاوی دیموکراتیانە، چەکێك و ڕێگایەك نییە بۆ ممارەسەی دیموکراسی.نمونەش زۆرن کە پێویست بەلستکردنیان ناکات.

7- گەر ئەمەریکا هیرش بکاتە سەرئیران بە رای بەریزتا ن بۆ بەرژەوەندی کوردستان چاکترە لە رووی سیاسی وئیقلیمیەوە یان وەزعی سیاسی و ئیقلیمی بۆ کورد زیاتر ئالۆز دەبیت .

عبدالله مەحمود:ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر ئێران، وەزعیەتی ناوچەکە بەئەندازەیەك تێك ئەچێت کەوەزعیەتی عێراقی ئێستا لەچاویدا ئەبێتە یاریەکی منالأنە. و هەموو ناوچەکە دەخزێتە ناو شەڕو کێشمەکێشێکی تایفی و قەومی سەراپاگیر، بێگومان لەفەزایەکی لەوبابەتەشدا خەلکی ناوچەکە دەبنە سوتەمەنی و قوربانی.

دیارە لەونێوەدا خەلکی کوردستان لەوانەیە لەهەموویان زیاتر زیانی بەربکەوێت، چونکە لاوازترین هێزی ناو بەیەکدادانەکان ئەبێت.

خەلکی کوردستان و هەر کەسێکی ئازادیخواز لەناوچەکەو دنیادا دەبێ بەدژی سیاسەتی شەڕخوازانەی ئەمریکا بوەستنەوەو ڕێگەنەدەن هیچیتر ئەمریکا لە پێناو بەرژەندیە جیهانی و ناوچەیەکانی خۆیدا و لەڕاستای بەدەستهینانی دەوری کویخایەتی بەسەر دنیادا، خەلکی بێتاوان بخاتە کورەی جەنگە کۆنەپەرستانەکانیەوە. جمهوری ئیسلامی ئێران هەر ئێستا ڕوبەرووی نارەزایەتی جەماوەری یە، و دەبێ بەڕاپەرینی جەماوەری خەلکی سەرنگوم بکرێت، لەوڕاستایەدا دورخستنەوەی شەڕخوازی ئەمریکا لەسەر ئێران پێشمەرجی ڕوخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی یە. هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران ڕزگارکردنی جمهوری ئیسلامییە لەدەست ڕاپەرینی خەلك و بەزیانی خەلکی ئیران و ناوچەکەیە و خەلکی کوردستانیش لەونێوەدا گورزی جەرگبڕ بە مەسەلە ڕەواکانی دەکەوێت.

2007-2-11

---

***ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:**

ئەو گفتوگۆیەی لە خوارەوە دەیخوێنەوە، لەڕاستیدا پرسیارەکانی ماڵپەری ئیسلام پەیك ئاراستەی منی کرد. من نزيك بە دە ڕۆژێکە وەلأمی پرسیارەکانم هەر بەم شێوەی لەبەردەستی ئێوەدایە ناردۆتەوە بۆیان، بەلأم ماڵپەری "ئیسلام پەیك" بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەك خۆیان پاراست لە بلأوکردنەوەی، ئەمەش ئەو حەقەی بەمندا کە بەم جۆرەی خۆم دەمەوێت بلأوی بکەمەوە.

عبدالله مەحمود

abdulla.mahmud@gmail.com

2006-2-19